زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# ناو لەرووی پێكهاتنەوە

## پڕۆژەی دەرچوون
## پێشكەش بە بەشی (زمانی كوردی) كراوە وەك بەشێك لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە زمانی (كوردی)


ئامادەكراوە لەلایەن:

**ئاكام جبار حسین**

بەسەرپەرشتي:

**م.بەهزاد محسین**


**ئادار_٢٠٢٤**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

{وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا}

سورة آل عمران – الآية 7.

# زمانی کوردی پێناسەی مانەوەی نەتەوەکەمان

## سوپاس و پێزانین

به ناوی خۆدای گەورە و میهرەبان  سەرەتا سوپاس بۆ خودای گەورە، پاشان دایک و باوکم بۆ هەموو هەوڵەکانیان لە لە دایک بوونمەوە تا ئەم ساتانە، بە خۆشحاڵیەوە سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە ئامۆژگارییان کردم، ڕێنماییان کردم، یان لەگەڵم بەشدارییان کرد لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە بە دابینکردنی ئاماژە و سەرچاوەی پێویست، بە تایبەتی سوپاسی سەرپەرشتیاری بەڕێزم دەکەم ، دکتۆر (م.بەهزاد محسین ) بۆ پاڵپشتی و ڕێنمایی من بۆ ئامۆژگاری و بۆ هەڵبژاردنی ناونیشان و بابەت، سوپاس و پێزانینم ئاراستەی کارگێری زانکۆ کۆلێژی  پەروەردە و لە زانکۆی (صلاحدین-شەقلاوە )، و بۆ جەنابی سەرۆکی زانکۆ تەواوی مامۆستاکانی بەشی (کۆردی) بۆ پاڵپشتیکردنی   ئەو هەوڵانەی لەلایەن پرۆفیسۆرە بەڕێزەکانمانەوە لە زانکۆ بۆ دابینکردنی باشترین ژینگە بۆ فێرکردنی زانستەکانی (کۆردی/عربی /فیزیا  /ئەوانی تر) لە باشترین بارودۆخدا کە لەگەڵ خوێندکارانی زانستدا بگونجێت.

# پێرست


سورة آل عمران – الآية 7......2
**سوپاس و پێزانین......3**
**بەشی یەکەم......6**
**چەمک و پێناسی ناو......6**
**ناو لەرووی ناوەرۆکەوە......7**
**ناو لەڕووی هەبوونەوە......9**
**1. ناو لەڕووی تاک و کۆوە:......10**
**ناو لەڕووی ناسینەوە:......14**
**بەشی دووەم:......16**
**ناو لەڕووی داڕشتنەوە......16**
**ناوی سادە:......16**
**ناوی داڕێژراو......16**
**ناوی لێکدراو......18**
**ئەنجام:......19**
**سەرچاوەکان:......20**

## پێشەکی

بەناوی خودای گەورە، لەم توێژینەوەیەدا بە ناوی (ناو لەڕووی پێکهاتنەوە) هەوڵمداوە لەڕێگەی کۆکردنەوەی کتێبە کوردییەکانەوە توێژینەوەیەک لەسەر ئەم ناونیشانە بنووسم بۆ پێشکەشکردن بە بەشی زمانی کوردی. وەک هەمووومان ئەزانین ناو بەگشتی بەشێکی گرنگە لە زمانەکانی جیهان. ناو لە زمانی کوردیش بەچەندین شێوە دەتوانرێت پێکبهێنرێت و دیاری بکرێ کە لەم توێژینەوەیەدا باسم لێوە کردوە.ئێمە لە هەموو هەمووشوێنێک و لە زۆربەی نوسراوێکدا (ناو) دەبینین کە چۆن بۆ شتانێکی بێگیان یان بەگیان بەکاردەهێنرێن بۆ ناسیینەوە. لە زمانی کوردیشدا چەندین جۆری هەیە وەکو ناوی ژمێردراوی تاک و کۆ، یان لەڕووی دارِشتنەوە وەک سادە و ناسادە، یان لەڕووی ناسراوی و نەناسراوییەوە و بە چەندین شێوەی تر کە لەم توێژینەوەیەدا باسم کردووە.

## بەشی یەکەم
## چەمک و پێناسی ناو

ناو ئەو وشەیەیە کە ناوی گیانداریک یان بێگیانێک یان بیریێک یان کاریێک دیاری دەکات. وەک: (ژن، ئازاد، ئەسپ، کۆتر، ماسی، بەرد، چیا، گوڵ، زەوی، خەم، ترێ، بڕوا، جوانی، تاریکای، هتد) ١ کەواتە ئێمەی مرۆڤ بۆ هەر شتێک و هەر چەمکێک و هەر دیاردەیەک ناوێک دا دەنێین، ئیتر لە هەموو زمانێکیش بەهەمان شێوەیە تا بتوانین لەنارەی هەمو شتێک ئاڵوگۆڕی زانیاری بکەین، و هەموو شتەکان و ڕووداوەکان بناسین.مرۆڤیش هەر بەمە لە گیاندارانی تر دەناسرێتەوە، کە دەتوانێت قسە بکات و دەنگ لە کەرەستەکانی دەوروبەری لێک جیابکاتەوە ناوی جیاجیا لەهەر یەکێکیان بنێ.ناو ئەو وشەیەیە سەربەخۆ واتایەک دەگەیەنێت، بە کاتەوە نەبەستراوە وەک: (کاوە، بەرد، پیاو، هەولێر، ڕۆیشتن، گوڵ، پەپولە، فڕۆکە، بەستەڵەک، هەڵپەرکێ، هتد...)٢

تێبینی و ڕوونکردنەوە:

کە دەگوترێ بە کاتەوە نەبەستراوە بۆیە هەتاکو ناوەکانی (زمانی ناو) وەک: (ڕۆژ، شەو ، ساڵ، مانگ، سات، کات، هتد...) بەم ئەم تەعرەفانە بکەن نەچنە ناو تەعریفی کار (فعل) ەوە. چونکە لەو ناوانەدا (کات) ناوەڕۆکی وشەکانە نەک بێیانە بەسترابێتەوە.

---

١.(ئاورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩، ٩٣)

٢. (لیژنەی زمان:٢٠١١: ١١).**ناو لەڕووی ناوەڕۆکەوە:**

## ناو لەرووی ناوەرۆکەوە

**لە زمانی کوردیدا ناو لەڕووی ناوەڕۆکەوە سێ جۆرە:**

ناوی تایبەت: بەو ناوەندا دەگوترێ کە بەسەر گیانداریک یان بێگیانێکی دیاریکراودا دابڕابێ. چون لەگشت زمانیکدا هەروەها لە زمانی کوردیشدا بەشێکی زۆری ناوی تایبەت ناوی مرۆڤە، وەکو: (نەسرین، شیرین، پەروین، گولاڵە، پڕشنگ، چنار، شنە، هێرۆ، هتد...)

**نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە**

**گیرۆدەی بەندی، ژیان زوڵمە ٣**

**ڕۆڵە لای لایە... (شێرکۆ) لای لایە**

**شەوگار درەنگە بۆ چ خەوت نایە ٤**

لەم دوو نموونەی سەرەوەدا وشەکانی نەسرین و شێرکۆ ناوی تایبەتین چوونکە دوو کەسی دیاریکراو نیشان دەدەن .کە ئەوانیش نەسرین یان شێرکۆ .کە ئەو یەک نەسرین یان یەک شێرکۆی مەبەستە.هەروەها ناوی چیا و ڕووبار و شار و وڵات و میللەت، هتد ...وەک : نموونەی کێو:گەردەن کوردی لەکێوی بێستون مەحکەمترە چونکە سەتساڵە لەژێر باری غەمایە ونانەوێ ٥.

**نموونەی ناوی ڕووبار:**

سیروانی ئەو چەم تانجەرۆی ئەم چەم<br>
بدەن وەهەمدا ئەم چەم تا ئەو چەم ٦

---

٣ .(بێکەس: لا ٥٣)

٤. (بێکەس: لا ١٥٠)

٥. پیرەمێرد :لا ٣٧)

٦. (پیرەمێرد :لا ١٣٤)

**نموونەی ناوی شار و دێ** :داخڵ نەبی بە عەنبەری سارایی خاک و خۆڵ هەتا نەکەی بە خاکی سولەیمانی٧.

**نموونەی ناوی میللەت** :دڵم خوێنڕێژ و سەرگێژە، دوو چاوم پڕ لە ئەسرینە عیلاجی دەردی هەر ژیانی میلەتی کورد٨.

بەم جۆرە وشەکانی )بێستوون، سیروان، تانجەڕۆ، سولەیمانی، خاک و خۆڵ، کورد، (...کە ناوی شتی ناسراو ە دیاریکراو نیشاندەدەن بە ناوی تایبەتی دادەنرێن.

**ناوی کۆمەڵ** :ئەو ناوەیە کە لە ڕواڵەتدا تاک و لە ناوەڕۆکدا کۆ نیشاندەدات .وەک(گەلا، هۆز، میللەت، کۆمەڵ، پۆل، لەشکر، چین، دەستە، هتد.....

ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد

مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیکی ئەبرد٩.

لەم نموونـــانەدا دەبینـــین وشـــەکانی )گەل، مـــیللەت (لە ڕواڵەتـــدا تـــاکن، بەلام لە ناوەڕۆکـــدا کـــۆن، واتـــا کە گـــوترا گەل مـــیللەت ئەوا تێکـــڕا ئەم کەســـانە دەگـــرێتەوە یـــــان ئەو شـــــتانە دەگـــــرێتەوە ئەو شـــــتانەی کە لە مەبەســـــتی مـــــیللەت و گەل دا هەن١٠

---

٧. ( یا عوبوور)

٨. بێکەس :لا ٢٣).

٩. (پیرەمێرد :لا ١١٩)

١٠.(. ئاورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٩، ٩٨)

**ناو لەڕووی هەبوونەوە:**

**ناو لە رووی هەبوونەوە دەکرێتە دوو جۆر:**

١ -**ناوی مادی** :ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بەر یەکێک یان پتر لە ٥ هەستەکەی مرۆڤ بکەوێ، وەک :دار، گوڵ، ئاسمان، زەوی، گەنم، پەمیر، گیا، شەونم، ئاسۆ، تریشقە، هەور، گۆشت، خوێن، هتد.....)

٢ -**ناوی مەعنەوی** :ناوی مەعنەوی وەک :ناوی شتێکە کە بوونی سەربەخۆی نییە بەڵکوو لە شتی بەرهەست یان بیر و خەیاڵدا پەیدا دەبێ وەک) :بڕوا، خەم، شەرم، هێز، جوانی، پیاوەتی، شادی، هتد...).

**لە زمانی کوردیدا دەتوانرێ دووجۆر ناوی مەعنەوی دەستنیشان بکرێ:**

أ -**ناوی مەعنەوی بنجی** :ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە هەر لە بنچینەدا بۆ واتا دانراون، وەک :خەم، بڕوا، ، شەرم،هێز،خۆش،هتد.....)

ب -**ناوی مەعنەوی ڕونراو** :ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لە وشەیەکە مادی یان مەعنەوی وەرگیراوە بەیارمەتی پاشگر درووستبوون، وەکو:

١ -(ناو +پاشگری )ی، ەتی، ئێتی، اتی، ێنی

منداڵ +ی .....منداڵی

پیاو +ەتی .....پیاوەتی

دز +ێتی ......دزێتی

دۆست +اتی ......دۆستایەتی

کچ +ێنی .....کچێنی

ب –(ئاوەڵناو +پاشگری )ی، ەتی، ئێتی، اتی، ێنی

جوان +ی ....جوانی

گەورە +ەتی ....گەورەیەتی

بەرز +ێتی .....بەرزێتی

بڵند +ێتی .....بڵندایەتی

قوڵ +ای ....قوڵایی١١

## 1. ناو لەڕووی تاک و کۆوە:

ناو لەڕووی ژمارەوە:هەندێ جار ناو دەلالەت لە شتێک یان کەسێک دەکات، وهەندێک جاریش دەلالەت لە چەند شتانێک یان چەند کەسانێک دەکات. لە زمانی کوردیشدا بەهۆی چەند بنماییێک و یاسایێک ناوی تاک و کۆ جیا دەکرێنەوە؛ ناو لە ڕێزمانی کوردیدا لەڕووی ژمارەوە بەسەر تاک و کۆ دابەشدەکرێ، بەمشێوەیە:

**أ–ناوی تاک:** بەو ناوانە دەگوترێ کە بۆ تاکە کەسێک یان بۆ تاکە شتێک بەکاردێت وەکو (کوڕ، کچ، ژن، چەقو، چرا...)١١.

فۆڕمی ناوی تاک لەگەڵ (ەکە) و (ە)ی ناسیاویدا تاکێکی ناسراو نیشان دەدەن، وەک؛

ئێستاش کەناری حەوشەکە جێی باز و کەوشەکە,

یاری تیایە یا بووەتە مەعرەضی نوفوور؟ ١٢.

دڵەی هەژار بۆت بۆتە بریانی

حەشرە، هەرایە لە سلیمانی١٣.

نیشانەی (ێک) و (ێ) تاکایەتی و نەناسراوی دەردەخەن، وەک؛

هەزار دۆست کەمە، دوژمنێک زۆرە ١٤.

جووتێک کۆتری نێرومێ
ئەگەڕان لەگوێ چەمێ١٥.
ئەگەر ناو بەدوا جێناوی نیشاندانی (ئەوم، ئەو)دا بێت و نیشانەی کۆ وەرنەگرێ، ئەوە مانای تاک بە ئەکیدیەوە دێنێتە گۆڕێ، وەک؛
ئەم دێ یە جێ دێڵم ! بێ نیشان ، بێ شوێن پێ
ئەو پەڕی! سڵ مەکە، لامەدە بۆ لاڕێ١٦.
ئەم شێخە بە کوم مەگرە کە پەشمینە مەریدە
ئەو ڕیشە بەسەر دارەوە ڕیسێکی بوزانە
ئێستا ئەوا هەرچی بڵێی نیعمەت و نازە
هەمووی ئەدا بە یەک دڵۆپ فرمێسکی تازە١٧.

---

١١. (ئاورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٩ :لا ١٠٠)
١٢. (ڕێزمانی کوردی د، نەریمان عبدلا خۆشناو:٢٠٠٩:لا ٢٠)
١٣. (نالی، لا ١٩٢)
١٤. (بێکەس، لا ١١١)
١٥. (پەندی پێشینان، لا ٤٩١)
١٦. (بێکەس، ١٤٣)
١٧. (گۆران، ب، لا ٣٣)

**ب-نـاوی کـۆ**؛ بەو نـاوانە دەگـوترێ کە بـۆ کە بـۆ کـۆمەڵە کەسـێک یـاخود کـۆمەڵە شـتێک بەکـاردێن، کە لە دوو شـت یـان دوو کەس زیاتربێـت .لە زمـانی کوردیـدا بەهـۆی نیشـانەی تـــایبەتییەوە ناوێـــک لە تـــاکەوە دەگۆڕدرێـــت بـــۆ کـــۆ، بەم شـــێوەیەی خـــوارەوە: لە زۆربەی زمانەکـانی جیهانـدا حـاڵەتی کـۆ هەیە، بەڵام شـێوەیان جیـاوازە، لە زمـانی کوردیـدا بەم شـێوەیەیە؛ نیشـانەی )یەک (کە لەپێش نـاوێکەوە دێت، ئەوا مانـای تـاک دێنێتە گـۆڕێ، وەک؛ بەهـۆی نیشـانەی سـەرەکی )ان(، کە لە زمـانی کوردیـدا نیشـانەی سـەرەکی کۆیە .دەچێتە سـەر بەشـی دواوەی نـاو، لەکـاتی وەرگرتنـی نیشـانەی کـۆدا .ئەگەر نـاوەکە بە پیتـی نەبـزوێن کۆتـای پێهـاتبوو .ئەوا هـیچ گۆڕانکـاری بەسـەردا نـایەت .بەڵکـو وەک خـۆی دەنوسرێ، وەک؛

کوڕ +ان .......کوڕان

کچ +ان .......کچان

پیاو +ان ......پیاوان

ژن +ان .......ژنان

بەڵام ئەگەر نـاوەکە کۆتـای بە پیتـی بـزوێن هـاتبوو، ئەوا گۆڕانکـاری بەسـەردێ، واتـا لەهەنـدێک حاڵەتـدا پیتـی )ی (نەبـزوێن دێـتە نێـوان نـاوەکە و نیشـانە کـۆیەکەوە .لە هەنـدێ حاڵەتی تردا )ە (تێ دەچێت، هەروەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

مامۆستا +ان ......مامۆستایان

قوتابخانە +ان ......قوتابخانان

چەقۆ +ان .......چەقۆیان

2. **بەهوی نیشانەی ناسەرەکی،** کە نیشانەی (ات ، هات، جات، وات، گەل، ها) دەگرێتەوە، وە دەچنە سەر ناوەکە و لە تاکەوە دەیگۆڕن بۆ کۆ .هەربۆیەش پێی دەوترێ نیشانەی ناسەرەکی چونکە ئەم نیشانانە دەچنە سەر چەند ناوێکی دیاریکراو لە زماندا .هەروەکو ئەم نموونانەی خوارەوە؛

باخ +ات .....باخات

دێ +هات .....دێهات

سەوزە +وا .....سەوزەوات

میوە +جات .....میوەجات

مێ +گەل .....مێگەل

کوڕ +گەل .....کوڕگەل

جارە +ها .....جارەها

ساڵ +ەها .....ساڵەها ١٨

خورتێن کورد، هۆزانێن وەڵاتێ تە

ئەڤن ڕابوونە ژ شاخ و لاتێ تە ١٩.

ژنان دەچوون بۆ شایی

نالە هاتە زمان وتی یاران

لازما ڕووبکەینە ڕێی شاران ٢٠.

ئەگەر پشیلە ماڵ نەبێ، مشکان تلیلیلیانە٢١.

لە خەوفی طەلعەتی ڕۆژ هەروەکوو شێت

بە ڕووو زەردی هەڵات و کەوتە کێوان٢٢.

بە ئارەقی ناوچەوان

بە قووەتی بازووان٢٣.

---

١٨. (ڕێزمانی کوردی د، نەریمان عبدڵا خۆشناو:٢٠٠٩:لا ٢٠)

١٩. (جگەرخوێن، لا ١٣٨)

٢٠. (زێوەر، لا ٧٥)

٢١. (پەندی پشینان، لا ٣١)

٢٢. (نالی، لا ٣٢١)

٢٣. (زێوەر ، لا ٨٢

**ناو لەڕووی ناسینەوە:**

ناو لە زمانی کوردیدا لەڕووی ناسینەوە بەسەر ناوی ناسراو و ناوی نەناسراو دابەشدەکرێت:

**أ – ناوی ناسراو:**

لە زمانی کوردیدا بەچەندین شێوە ناو دەبێتە ناسراو:

١ – بەهۆی نیشانەی (ەکە) یان هەندێکجار بەهۆی بە نیشانەی (ە) ناو دەبێتە ناسراو، ئەم نیشانەیە دەچێتە سەر بەشی دواوەی ناو و لە نەناسراوەوە دەیکات بە ناسراو، وەک:

کوڕ + ەکە ...... کوڕەکە

چرا + ەکە ...... چراکە (بە تێچوونی بزوێن)

چرا + ەکە ...... چرایەکە (پەیدابوونی نەبزوێن)

برا + ەکە ...... براکە یان برایەکە

لێرەشدا دەبێت ئاگاداری پیتی بزوێن و پیتی نەبزوێن بین، چونکە بەهۆی بوونی پیتی بزوێن لەکۆتای وشەوە، ئەوا گۆڕانکاری ڕوودەدات، هەروەکو لەم نموونانەی سەرەوەدا دەرکەوتووە٢٤.

٢ – بەبێ نیشانەی (ەکە) کە ئەمیش لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا ناو دەبێتە ناسراو:

ناوی تایبەتی ناسراوە، وەکو ماوی مرۆڤ: ئەحمەد، ڕزگار، نەسرین، شیرین،...)

ناوی ئاژەڵ (شێر، بڵنگ، گورک،...)

ناوی وڵات (عێراق، ئێران،...)

ناوی هەرێم (کوردستان، باسک،...)

ناوی شار (هەولێر، دهۆک،....)

ناوی قەزا (قەڵادزێ، سۆران،...)

ناوی ناحیە (عەنکاوە، سەنگەسەر،...)

ماوی لادی (سوورەدێ، گردجۆتیار،...)٢٥.

---

٢٤. ( ڕێزمانی کوردی د،نەریمان عبدوڵا خۆشناو، لا ٢٢)

٢٥. ( ڕێزمانی کوردی د،نەریمان عبدوڵا خۆشناو، لا ٢٣)

ئەگەر ناوێک بەهۆی ئاوەڵناوی نیشانە دەست نیشان بکرێت، ئەوا ئەو ناوە دەبێتە ناوی ناسراو،
وەک:  ئەم کوڕە زیرەکە
لێرەدا وشەی (کوڕ) ناوێکی ناسراوە، چونکە بەهۆی ئاوەڵناوی نیشانەی (ئەم....ە) دەستنیشانکراوە

بەهۆی ئامرازی دانەپاڵەوە، بەو واتایەی ئەو وشانەی بەهۆی ئامرازی دانەپاڵەوە دەخرێنە پاڵ یەکتری دەچێتە حاڵەتی ناسراوی، وەک: کچی ئازاد جوانە جێگای ئامەژەپێکردنیشە ژمارەی پیت
: پیتەکانی–لە زمانی کوردیدا ٣٧ پیتە. کە بەسەر بزوێن و نەبزوێن دابەشدەکرێن
١. ٨ پیتی بزوێن کە (ێ ی، ۆ، وو، و، بزرۆکە، آ أ، ە،)
،٢. ٢٩ پیتی نەبزوێن
ی و، هـ ن، م، ڵ، ل، گ، ک، ڤ، ق، ف، ، غ، ع، ش، س، ژ، ز، ڕ، ر، چ،د، خ، ح، ج، ت، پ، ب، ئـ )

**ب: ناوی نەناسراو:**
ناوی نەناسراویش هەندێ جار بەهۆی  بەو ناوانە دەوترێن کە نۆ حاڵەتی نەناسراوی بەکاردێن،
نیشانەی نەناسراویش  نیشانەی نەناسراوی درووست دەبێت،
هەندێ جاریش بەبی نیشانەی ناوەکە خۆی  کە دەچێتە بەشی دواوەی ناوەکە، (ەک یک، ێ،)
نەناسراوە

کوڕەک کوڕێک، کوڕێ، .....ەک  ێک، ێ، +کوڕ
کوڕێک هاتە ماڵمان :بۆ نمونە
کچێ ........ێ  +کچ
کچێ هات
چرایێک چرایێ، .چرایەک .....ەک  ێ، ەک، +چرا
چرایەک داگیرسێنە

## بەشی دووەم:

## ناو لەڕووی داڕشتنەوە

ناو لەڕووی داڕشتنەوە لە زمامی کوردیدا دەکرێت بە دوو جۆر، ئەوانیش بریتین لە: ناوی سادە و ناوی ناسادە.

لە زمانی کوردیدا ناو لەڕووی ڕۆنانەوە دەکرێ بە دوو بەش:

١ – ئەو ناوانەی بەسەر مۆڕفیمێکدا دابەش دەبن، وەک: (کۆگا، سەرۆک، پاوانە، لوتکە، بەردەڵان، بەردەنوێژ، خاکەناز، شەکراو، ڕەشمار، گەڵەبەڕۆژە، هتد...)

٢ – ئەو ناوانەی بەسەر مۆڕفیمێکدا دابەش نابن، وەک: (سەر، شەڕ، جۆ، لووت، دار، بەرد، هێز، ژن، کچ، کوڕ، هتد...)

کەرتکردنی ناو لەڕووی مپڕفۆلۆژییەوە لە مەسەلەی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا کارێکی گرنگە، ئەمە نەک تەنیا چۆنییەتی ڕۆنان و پێکهاتن و درووستبوونی ناو ئاشکرا دەکات، بەڵکو یارمەتی ڕوونکردنەوەی تەواوو قوڵتری مانا و ناوەڕۆکیش دەدات و پێوەندی لەگەڵ وشەی تردا دیاری دەکات.لە زمانی کوردیدا بۆ ڕۆنانی ناو ڕێگایەک هەیە. ئەوەی لە ناویاندا سەرەکی بێ (داڕشتن) و (لێکدان)ە، واتا ئەو دوو ڕێگەیە هۆیەکی گرنگن لە درووستکردنی ناوی داڕێژراو و لێکدراو.٢٦

**ناوی سادە:**

لە وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ پێکهاتووە، بە مەرجێ ئەم وشەیە ناو بێت، وەکو: (ئازاد، ڕزگار، دار، بەرد، چاو، بەرد، هتد...)٢٧.

**ناوی داڕێژراو**: ئەو ناوە ناسادەیە کە لە وشەیەکی سادە و زیانی بێکهاتبێت، ئەوجا ئەو زیادییەکە پێشگر یا پاشگر یا هەردووک(پێشگر و پاشگر) پێکەوە بن.

وەک: (کارگە، کەمەرە، ئاگردان، تاریکایی، دەسرۆکە، بێ کاری، نەخۆشی، هتد...)

---

٢٦.(ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(وشەسازی) ئاوڕەحمانی حاجی مارف: لا ١١٦)

٢٧.(ڕێزمانی کوردی، نەریمان عبدوڵا: لا ٢٦)

دەستور: ناوێکە لە وشەیەکی واتادار لەگەڵ پاشگرێک یان لەگەڵ پێشگرێک پێکهاتووە بەم شێوەیە:

١ - (ناو + پاشگر) وەک:

(کوردستان، گوڵدان، شەرمین، جێگە)

٢ - (ڕەگی کار + پاشگر) وەک:

(زانا، نڤیسەر). ٢٨

کەواتە ناوی دارِژاو ئەو ناوەیە کە لە ناوێک لەگەڵ پاشگرێک یان پێگرێک پێکهاتووە. تێبینی :نیشانەکانی )ناسراوی، نەناسراوی و کۆ (ناوی سادە ناکەن بە ناوی دارِژاو. وەک لە سەرەوەدا باسمان کرد ئەو زیادییەی دەچیتە سەر وشەیەکی سادە دەبێتە هۆی درووستبوونی نوی دارِێژراو، بریتییە لە پێشگر و پاشگر یا هەردوو پێشگر و پاشگر پێکەوە، ناوی دارِژاو لە زمانی کوردیدا بەزۆری بە یارمەتیی پاشگر پێکدێ، بۆ ڕۆنانی ناوی دارِێژراو هەندێ پاشگر هەن دەچنەسەر )ناو یان ئاوەڵناو یان کردار یان ئاوەڵکار(...ی سادە و دەیکەنە ناوی دارِێژراو.

١ -گەر وەکو ئاسنگەر

٢ -دار وەکو گیاندار، دوکاندار

٣ -ساز وەکو دانساز، چەخمەخساز

٤ -بەند وەکو ناڵبەند، کەمەربەند

٥ -وان/ەوان وەکو گاوان، باخەوان

٦ -چی وەکو چایچی، خانچی

٧ -باز وەکو سەرباز، کۆترباز

٨ -کەر وەکو نانکەر، ڕاوکەر

٩ -مەند وەکو هونەرمەند، دەوڵەمەند

هتد...)٢٩.

---

٢٨.لیژنەی وەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی کورد، پۆلی نۆیەم :لا ١٢، چاپی یازدەم، چابخانەی دار لبنان، ٢٠١٧ز

٢٩. ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم وشەسازی ئاوڕەحمانی حاجی مارف :لا ١١٨-١١٩)

تێبینی :پاشگری )گەر، دار، ساز، بەند، وان/ەوان، چی، باز، کەر، مەند (بەزۆری یارمەتی داڕشتنی ناوێک دەدەن، کە پیشە و ئیشی یەکێکی پێ دیاری بکەن.
هەروەها هەنێکیان بۆ مەبەستی دیکەش بەکاردێن.
پاشگری (وان/ەوان) چالاکەو بەناوەوە دەلکێت، لە دیالێکتی کرمانجی ژووروودا لەشێوەی (ڤان) دەبینرێن، وەک :گاڤان، ئاشقان، هتد (...لە فارسی ناوەڕاستدا پاشگری )پان (بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنرا.٣٠
وە پاشگری( چی) دەچێتە سەر ناو و لە هەردوو دیالێکتی سەرەکی کوردیدا بە شێوەیەکی چالاک دەبینرێت.

**ناوی لێکدراو** :ئەو ناوە ناسادەیەیە کەوا بەلای کەمەوە لە دوو وشەی واتادار تێدابێ، وەک : )گوڵەگەنم، ڕەشەبا، زەرداو، لێفەدروو، هێلکەوڕوون، شاهەنگ، مارماسی، هتد...).
دەستوور :ناوێکە لە دوو وشەی واتادار یان پتر پێکهاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە :
١ ) –ناو +ناو (وەکو) :دۆتمام، سۆلاڤ، ماستاو
٢ ) –ناو +ە +ناو (وەکو) :گوڵەباغ، گوڵەگەنم
٣ ) –ناو +ە +هاوەڵناو (وەکو) :گردەسۆر، کێوەڕەش، کێلەشین
٤ ) –هاوەڵناو +ناو (وەکو) :ڕەشماڵ، ڕەشمار، سۆرگوڵ، نەوزاد
٥ ) –ناو +ڕەگی کار (وەکو) :ژێرپیاڵە، ژێرزەمین٣١.

کەواتە ناوی لێکدراو ئەو ناوەیە کە لە دوو ناوی واتادار یان زیاتر پێکهاتووە.

---

٣٠ .( ڤ.س.ڕاستۆرگویڤا، زمانی فارسی ناوەڕاست، مۆسکۆ، ١٩٩٦، لا ٣٤)
٣١.لیژنەی وەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی کورد، پۆلی نۆیەم :لا ١٢، چاپی یازدەم، چابخانەی دار لبنان، ٢٠١٧ز

**ئەنجام:**

هەڵبژاردنــی ئەم بــابەتە لە حەز و ئــارەزووی مــنەوە هــاتووە حەز و ئــارەزووی مــن بــۆ تێگەیشــتنی زیــاتر لەو بــارەیەوە. کە ویســتم لێکــۆڵینەوەی لەســەر بــکەم بــۆ ئەوەی تێــبگەم کە ناوەکــان چــۆن دروســت دەبــن و ئەو کــاریگەرییەی کە دەتــوانن لەســەر مرۆڤەکــان دروســتی بــکەن چیــیە کولتــوور و ناســنامەی کەســی." . "هەســتم کــرد ئەم بــابەتە گــرنگە شــایەنی لێکــۆڵینەوەیە، چــونکە ناوەکــان ڕۆڵێکــی گرنــگ دەگێــڕن لە دیــاریکردنی ناســنامەی تــاک و ڕەنگــدانەوەی کولتــوور و نەریتەکــانە. پێویســت بــوو زیــاتر لە چــۆنیەتی هەڵبــژاردن و ڕێکخســتنیان تێبگەم و بینووســم بــۆ خــوێنەرانیش ئاشــنابن مــن ئەم بــابەتەم هەڵبــژارد چــونکە ویســتم قــووڵببمەوەنلە تێگەیشــتن لە پێکهاتەکــانی کولتــوورو و زمــان. وە ناوەکــان کە تــوخمێکی گرنگــی ڕۆشــنبیرین و هەڵگــری مانــای قــووڵن، بــۆیە هەســتم دەکــرد لێکــۆڵینەوە بــکەم کە تێگەیشــتنێکی قــووڵترم پێدەبەخشــێت لە کاریگەرییەکــانی وە گەیشــم بەوەی کە چـــــــــــۆن نـــــــــــاو پێژدێـــــــــــت لە زمـــــــــــانی کـــــــــــوردی.

## سەرچاوەکان:

١.ئاورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی) جێناو، چابخانەی ڕۆژهەڵاتی هەولێر ٢٠١٤

٢.ئاورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆجی) ناو، چابخانەی کۆڕی زانیاری عێراق و بەغداد ١٩٧٩

٣.ئاورەحمانی حاجی مارف، وشەڕۆنان چاپی دووەم، ، بەغداد ١٩٨٧

٤.لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، ، هەولێر ٢٠١١

٥.لیژنەی وەزارەتی پەروەردە زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی هەشتەم، چاپی پێنجەم، چابخانەی دار لبنان ٢٠١٢

٦.لیژنەی وەزارەتی پەروەردە زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی نۆیەم، چاپی پێنجەم، چابخانەی دار لبنان ٢٠١٢

٧.ڕێزمانی کوردی، نەریمان عبدولا خۆشناو